# پێم وانیە هیچ پرۆژەیەک بتوانێ تەواوی خەونەکانی هەمووگەنجەکانی کوردستان بگرێتەوە

**شاد محەمەد لە ١٩٧٧/٢/١٨ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت و سکرتیری گشتی رێکخراوی تواناسازی لاوانی کوردستانە، جگە لە کاری رێکخراوەیی بە کاری راگەیاندنەوە خەریکە، وە سەرنووسەری گۆڤاری گەنج لاندە پێشکەشکاری بەرنامەی ئایندەی ستەلایتی کوردستانە.**

**ئا: ئاڤێستا**



*** لە گۆشەنیگای شاد کارکردن بۆ گەنج لە چیەوە دەست پێ دەکات؟**

ـ کارکردن لە سەر گەنج لای من لە ئەزمونێکی راگەیاند و رۆژنامەوانیەوە دەستپێدەکات و پراکتیزەکردنی ئەو چەمکانەش پێم وایە لە رێکخراوێکی ناحکومی و ناحزبیەوە سەرچاوە دەگرێت و خۆم و ئەو بەرێزانەی ئێستا لەگەڵماندان هەوڵماندا ئەو ئەزموونە بەرجەستە بکرێت کە دواتر بەهاوکاری چەندکەسێک کە رێزم بۆیان هەیە رێکخراوی تواناسازی لاوان بەرهەم هات.

*** لەدوای کۆنفرانسی (بەرەو دامەزراندنی پەرلەمانی لاوان) ناوی رێکخراوەکەش هاتە ناوانەوە.. ئەمەش زۆر گومانی لای گەنجان دروستکردو چەندین خوێندنەوەی لەسەرکرا، ئێوە لەم بارەوە قسەتان چیە؟**

ـ یەک لەو شتانە لە ئەزموونەکانی کارەکانی رێکخراوەکەدا من شانازی پێوە دەکەم بە کارێکی لەو شێوەیە خۆیان ناساند. جا بە هەموو کەم و کوڕییەکانیەوە من ئەو پرۆژەیە بە یەک لە پرۆژە هەرە گەورەکانی گەنجی دەزانم و شانازیشی پێوە دەکەم کە لە رێگەی ئەو پرۆژانە ناسرابن.

*** بەرێز مهاباد قەرەداغی راوێژکاری سەرۆک وەزیران پەیوەندی لەگەڵ ئێوەو پرۆژەکە چییە؟ بە گشتی چ پەیوەندییەکی کارو چالاکی پرۆژەکەتانەوە هەیە؟**

ـ ئەوەندەی من ئاگادارم ئەو پەیوەندی تەنها لەگەڵ ئێمە نییە. بەڵکو لەگەڵ زۆربەی رێکخراوو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندی هەیەو کاری لەگەڵ کردوون، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی ئەو لەگەڵ ئێمە پەیوەندی پرۆژە بووە.

پرۆژەی پەرلەمانی لاوان بیرۆکەی بەرێزی بووەو بە فەندێک دایە ئێمە فەندێکی تریشی بە ئیمە داوە کە فەندێکی درێژخایەنو گرێبەندیمان لەگەڵی هەیە بۆ یەک ساڵ کە ئەویش دەرکردنی هەفتەنامەیەکی تایبەت بە گەنجە بە ناوی گەنج لاندو هەفتانە بەردەوامە، ئەم جۆرە پەیوەندییە تەنها لەگەڵ ئەو بەرێزە نییەو لەگەڵ زۆر رێکخراوی ترو کەسایەتی تردا هەمانەو پرۆژەی هاوبەشمان هەیە، بۆ نمونە ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ (KSP) و (IRI) هەمانە، ئەو پەیوەندییە کە لەگەڵ ئەو بەرێزەدا هەمانەو هیوادارن کەسایەتی و رێکخراوەکانی تریش بگرێتەوە پرۆژەی هاوشێوەترمان لەگەڵ دامەزراوەکانی تردا هەبێت.

*** پێتان وایە پرۆژەی پەرلەمانی لاوان سەرجەم گەنجانی کوردستانی کۆبکاتەوە، یان ئایا گەنجان چ تێروانینێکیان بۆ هەبووە؟ گەشبین بوون یان بە پێچەوانەوە؟**

## پێم وانیە شتێک هەبێت بەناوی پەرلەمانی سەر شەقام

ـ پێم وانیە هیچ پرۆژەیەک بتوانێ تەواوی خەونەکانی هەموو گەنجانی کوردستان بگرێتەوە، بەڵام بە هەموو گرفت و سلبیاتەکەیەوە، پێم وایە گشتگیر بووەو فرە رەنگ بووە، سەبارەت بە ئاستی تێروانیی گەنج و رەشبینی و گەشبینی، من ناتوانم ئەو حوکمە لەسەر بدەم و من خۆشم زۆر گەشبین نیم، چونکە ئێمە لەوڵاتێکداین کە ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێ کە تۆ زۆر بە زەحمەت ئەتوانی ئەو شتە بکەیت کەخۆت مەبەستەو زۆری ئەو دامەزراوانەی هەڵگری چەندین دروشمی بریقەدارن دوا جار خۆیان موحارەبەی دەکەن و هەوڵ دەدەن، شکست بە پرۆژەکەت بهێنن، بەڵام من بە دڵنیاییەوە دووپاتی دەکەمەوە ئێمە تەحەدای ئەو شتانە دەکەینەوە لە داهاتوودا هەنگاوە نوێکانمان بۆ ئەو پرۆژەیە نەک تەنها بۆ ئەو بەڵکو بۆ زۆر لەوانەی تر دەڵێم ئێوە کوان؟ بۆ کە ئێمە بێ دەنگ بوین ئێوەش قسەتان نەما؟

*** سەبارەت بەو پرۆژەیە زۆر خوێندنەوە هەیە هەندێکیان دەڵێن بۆ کرینەوەی گەنجەو هەندیک دڵێن بۆ داپلۆسین و کپ کردنی دەنگی گەنجە؟ قسەتان چیە لەم بارەیەوە؟**

ـ من ئەم خوێندنەوانە لە روانگەیەکی مەنتیقەوە نابینم و بە جۆرێک لە ناهەقیشی دەزانم، ئەگەر چی زۆر جار پێموایە دەسەڵات و حزبەکان و ئەزموونەکانی پێشوی بەناو گەنجان ئەم تێروانینانەیان لای گەنجان دروست کردووە، بەڵام دەبێت راستی پرۆژەکە ببینین ئینجا قسەمان هەبێت، من ناوەڕۆک و ئامانج و کارنامەی ئەم پرۆژەیە تەواو پێچەوانەی ئەو خوێندنەوانە دەبینم و پێم وایە لە بەهێز تر کردنی گەنج و فراوانترکردنە دەسەڵاتی گەنج رادەگەێنین و هەوڵ دەدەین زاڵ بین بەسەر کێشەو گرفتەکاندا، کە زۆریان لە دەرەوەی ئیرادەی ئێمەوەیە.

*** ئایا پێت وایە دروستبونی پەرلەمانی سەر شەقام لە ئەنجامی بەشداری پێنەکردنیان بێت لە کۆنفرانسەکەتاندا؟ یان پێت وایە هۆکارەکان چین؟**

ـ بە پێچەوانەوە، زۆر لەو بەرێزانەی لەو جوڵانەوەیە کاریان دەکرد میوانی کۆنفرانس بوون و لەوێش بەوپەڕی ئازادی قسەی خۆیان کرد.. ئەمە وەک خاڵی یەکەم، بۆ خاڵی دووەمیش ئەساسەن من پێم وا نیە شتێک هەبێت بە ناوی پەرلەمانی سەر شەقام و خۆشتان دەزانن دروست نەبووە بەڵکو تەنها جوڵانەوەیەک بوو ئەویش نەگەیشتە ئەنجام، دیارە من بەو قسانەم لە هەوڵ و ئیرادەی ئەوان کەم ناکەمەوە، چونکە هەر شتێک لە خزمەتی گەنجدا بێت و ئیرادەیەکی بوێرانەو سەربەخۆی گەنجانی لەگەڵدا بێت من پشتگیری دەکەم و بەرز دەینرخێنم، بەڵام بە مەرجێک پرۆژەو بەرنامەی لە پشتەوە بێت نەک فەوزا. هەر سەبارەت بەو جوڵانەوەیە من قسەیەکم هەیە زیاتر هیچ شتێکی تر نییەو گەنج و کۆمەڵگەیە لێی سوود مەند دەبێت، بەمەرجێک کەسانێکی سەربەخۆو خاوەن ئیرادە ئەندامی ئەو پەرلەمانەیان ئەو ئەنجومەنە بن نەک بە ناوی شتی ترەوە جێگەکان چۆڵ بکەن و ئامادەی کارکردن نەبێت و دواتر قسەی لەو چەشنە بکەن.

*** پرۆژەکانتان چین و داهاتوی کارەکانتان وەک رێکخراوی توانا سازی لاوانی کوردستان چییە؟**

ـ دیارە ئەم پرسیارە لە هەموو پرسیارەکان بە گرنگتر دەزانم، لە بنەماوە حەز بە جیاخوازی دەکەین لە ئاست و چۆنێتی کارو چالاکی و پرۆژەکاندا، ئاستی کارو میکانیزمی کارەکانمان زۆر جیایە لە دامەزراوەکانی ترو ئێمە هەوڵ دەدەین تەواو (NGO)یی خۆمان بپارێزین و هەر لەو چوار چێوەشدا کارو پرۆژەکانمان بەرێوە ببەین کە میکانیزمەکانمان بریتین لە (وۆرک شۆپ و سەمینارو کۆنفرانس و لایەنی میدیایی و کەمپین و دراساتی مەیدانی و ئاکادیمی) پرۆژەکانی رابردووشمان بەشداری کردن بووە لە چەندین وۆرک شۆپی و کۆبوونەوەو کۆنفرانس و ئەڵبەتەنەک وەک میوان بەڵکو وەک بەشدار، هەروەها ئەنجامدانی راپرسییەکی فراوان لە بارەی بەشداری گەنج لە هەڵبژاردنەکان کە لە داهاتویەکی نزیک و لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی عێراقدا میتینگێکی بۆ دەکەین، هەروەها پرۆژەیەکی فراوانمان لە چوارچێوەی کەمپینێکی فراواندا لەگەڵ (بەرنامەی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی) ئەنجام دا کە زیاتر لایەنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی لۆکاڵ و ئاسمانی و رادیۆیی و رۆژنامەوانی و پۆستەرات لە خۆ گرت و توانیمان ئاستی بونیادی گەنج بۆ بنەماکانی پەروەردەی مەدەنی بجولێنین و هەفتەنامە گەنجانەکەمان وەک پرۆژەیەکی درێژخایەن بەردوامە و دراسەیەکی مەیدانیمان لە بارەی گەنج لە ماڵ و دەرکەوتەکانی ماڵدا لە کارکردندایەو هەروەها لەگەڵ دەستەی لۆگۆس و گەلەری ئارام عەلی و رێکخراوی IRI ستی پرۆژەی جیاجیامان لە داهاتووەکی نزیکدا دەست پێ دەکات و بەنکی زانیاریش یەک لە پرۆژە بەردەوام و درێژخایەنەکانی رێکخراوەکەمانە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەسپێکی پرۆژەکە رادەگەیەنین و هەروەک سەرەتاش ئامازەم بۆ کرد وردەکایەکانی پرۆژەی پەرلەمانی لاوان لە ئاستێکی داخراوو لە چواچێوەی پرۆژە وەرگیراوەکاندا کاری لەسەر دەکرێت و بیرۆکەی چەند پرۆژەیەکی دیکەش لەژێر دیراسەو هەڵسەنگاندن دایە و لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەوانیش دەچنە واری پراکتیکەوە.

## دکتۆر عادل حوسێن:

**سێکس لایەنێکی گرنگ و هەستیارە لە ژیانی مرۆڤدا، لە هەمانکاتدا پێویستییەکەو، ئێستا لە زۆربەی وڵاتان بایەخێکی زۆری پێ دەدەرێت کەچی هەتاکو ئێستا لایەنێکی فەرامۆش کراوە لای ئێمە، بەڵکو زۆر جار لەلای ئێمە بە هەڵەش بەکاردەهێنرێت، ئاڤێستا (دکتۆر عادل حوسێن) هێنایە دوان سەبارەت بەم پرسە گرنگە:ـ**

ئا/ سەباح شێخانی



* خوێندەڤانان کە زانیارییەکی بوێت لە کوێ بەدەستی دەهێنت؟ بێگومان یان لەماڵەوە یان لە خوێندنگا یان بەهۆی (میدیا)ەوە، بەداخەوە ئەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە دەبینین (ماڵەوەو میدیا) بۆ هەوڵی رۆشنبیرکردن نزیکە لە (سفر)، دکتۆر (عادل حوسێن) پسپۆری سێکس بەم شێوەیە دەستی بە قسەکردن کرد..

ـ لەوەڵامی پرسیارێکدا ئایا چۆن دەتوانین خوێندەڤانان ئاشنا بکەین بە سێکس بەشێوەیەکی دروست و تەندروست وتی: ـ دەبێت لە پێش هەمووشتێکدا هەوڵ بدەین خوێندنگاو خوێندەڤانەکان تێکەڵاوی یەکتر بکەین دوای ئەوەش دەبێت گەشت و ئاهەنگی یەکتر ناسین بۆ ئەو (کوڕ و کچانە) رێک بخەین.. لە هەموو وڵاتانی دنیا (وڵاتە پێشکەوتووەکان) خوێندنگاکان تێکەڵاون کەچی لەلای ئێمە بە پێچەوانەوەیە.

هەروەها دەبێت لە قۆناغی هەرزەکاری و بالغ بوونەوە هەوڵی هۆشیار کردنەوەی هەرزەکارو خوێندەڤانان بدەین و فێریان بکەین کە (ئەندامە سێکسی)یەکان لەچی پێک دێت؟ سێکس مانای چییە؟ چۆن خۆمان بپارێزین لە سێکسی لابەلا بەداخەوە هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە خوێندەڤان نازانن بەشێوەیەکی تەندروست سێکس مانای چییە؟

هەتاکو ئێمە مرۆڤ بەزانیاری دەوڵەمەند بکەین ئەوە کەمتر ئەو مرۆڤە تووشی هەڵە دەبێت.. لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا (چۆن خوێندەڤانان بەزانیاری دەوڵەمەند بکەین)

دکتۆر لەوەلامدا ووتی:ـ پێویستە سێکس بۆ خوێندەڤانان شی بکرێتەوە لە خوێندنگاکان بەڵام چۆن؟

سەرەتا دەبێت (کوڕان و کچان) هەریەکەیان بەجیا مامۆستای پسپۆڕیان بۆ دابنرێت و فێریان بکەن، هەروەها پێویستە هەفتەی جارێک وانەیەک دابنرێت بۆ زانیاری سێکسی بەڵام نەکرێتە وانەیەک و نمرەی لەسەربێت بەڵکو خوێندەڤانان بە ئارەزووی خۆیان بێت واتە ب ۆتاقیکردنەوەو نمرە نەبێت بەڵکو تەنها بۆ زانیاری و فێربوون بێت.

* دکتۆر لە چ قۆناغێک دەست بەو بیرۆکەیە بکەین باشە؟

لەوەڵامدا دکتۆر وتی: ـ پێویستە لە قۆناغی چوارەمی ئامادەیی ئەو بیرۆکەیە گەشە پێ بدەین بۆچی؟ چونکە خوێندەڤانان لەو قۆناغەدا تەمەنیان گەیشتۆتە (١٦) ساڵ جگە لەمەش هەموویان یاخود زۆرینەیان بالغ بووینە هەروەها تەمەنێکی گونجاو و باشە..

بەڵام من دڵنیام ئەو کوڕو کچانەی کە ئێستا لە قۆناغی ئامادەیی دەخوێنن هێشتا نازانن ئەلف و بێی سێکس چیە؟!!.

خوێندەڤانان لای ئێمە لە قۆناغی ئامادەیی دەخوێنێت کەچی سێکسی لێ بۆتە (گرێیەکی دەروونی) ئێمە نالێین (بەڕەلایی) بکرێت بەڵکو ئێمە دەڵێین دەبێت شارەزایی بە خوێندەڤانان بدرێت بۆ ئەوەی بەهەڵە رەفتار نەکات چونکە کوڕ و کچانی ئێمە پێویستیان بە یارمەتی هەیە ئەگینا هەڵە دەکەن لەوانەیە کچ لەگەڵ کوڕێک جووت بێت پەردەی لەدەست بدات ئەگەر (پەردە)شی لەدەست بدات ئەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە تووشی کێشە دەبێت.. لەو قۆناغەدا کە خوێندەڤانان زانیاری سێکسی یان کەمە یاخوود هەر زانیاریان نیە بۆ ئەوەی لە (سێکسی لابەلا) دووربکەنەوە پێویستە (دەستپەڕ) بکەن لەو حالەتەدا (دەستپەڕ) باشترین رێگایەو پڕچێژە.. ئێمە ئەگەر زانیاریمان بەخەڵک بەخشی ئەو کاتە دەتوانین خەڵک رابهێنین کە تاکو تەمەنی (٤٠) ساڵیش ئەگەر ژن نەهێنێت یان شوونەکات پێویستی بە سێکسی لابەلا نەبێت ئەگەر ئێمە زانیاریمان بە خەڵک دا، ئەو کاتە خەڵک دوور دەکەوێتەوە لە زوو شووکردن و زوو مێردکردن. چونکە ئێمە هەتاکو ئێستاش نازانین چۆن پاڵنەرە سێکسییەکان بەتاڵ بکەینەوە .